# ناساندنی زانایانی کۆماری ئیسلامی ئێران!! "٢"

لاپەڕەی شاهۆ هەورامی

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران، پاش تێپەڕبوونی چارەکـەسـەدەیەک، هەژاری و شـەڕ و مـاڵوێرانی و چارەڕەشـیی بۆ گـەلانی ئێـران بەدیاریهێناوە، بەڵام نابێ حاشا لەو ڕاستییە بکەین کە کۆماری ئیسلامی لەومـاوەیەدا توانیـوێتـیی بە دەیان زانا و بلیمـەتی گەورە پێشکێش بە دنیای زانست مرۆڤایەتی بکا! بۆ سـالماندنی ڕاسـتـیی قـسـەکـەم، هەرجـارە، چەند کـۆپلەیەک لە وتە بەنرخـەکـانی یەکـێک لەو زاتە گەورانەتان پێشکێش دەکەم!!

---

لەم بەشـــەدا، زانایەکی گـــەورەی دیکەتان پێـدەناسـێنین کـە نێـوبانگی زانایی و پسـپـۆڕی لە بواری زانست و کـۆمـەڵناسـیدا، سنوورەکـانی ئێـران و ڕۆژهەڵاتی کوردسـتـانی تێپـەڕکردووە، گەلێک لە شارەزایانی سیاسیی بێگانە و، تەنانەت رادیۆ بێگانەکـانیش کـە بە زمانی فارسی بەرنامەیان هەیە، زۆر جار، لە وتەکـانی بڵـاودەکـەنەوە. ئەم زانایە، نێوی "مەلا حەسەنی" یە و ئیمام جومعەی شـاری" ورمێ" یە و تا پێش مـردنی خومـەینی، نوێنەری ئەو بوو، ئێـسـتـاش نوێنەر و دەستنیشانکراوی ڕێبەری ئاینی و سیـاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و ئابووری و هەموو شتێکی ئێرانە بە نێوی ئایەتوڵلا سـەید عـەلی خـامنەیی (وەلی فقیه).

**خۆتبەی ڕۆژی هەینی، ٢٣/٣/٢٠٠٣**

«.... من ٦٠ سـال از عـمر خود را در جنگ بسر بردەام، جنگ با شاه، جنگ با کردها، جنگ با محمد خاتمی و خلاصه هرکس که با ولایت فقیه نباشد... ترقه از پیتزا هم بدتر و پیتزا از سگ پا کوتاه بدتر...

من از کـارهای خـودم بگم! من برای بعضی زنان فاحشه شوهر پیداکرده و میکنم و بعضی هارا توبه می دهم. ... من از این پسرهای خودم گلەدارم به جای رفتن به "حوزه علمـیـه" و طلبـەشـدن، ترجیح میدهند با من در مزرعه کار کنند و مـتـئسـفـانه هەرچی زور زدم روحـانی شوند، نشدند.... من همـیـشـه عـدەای تفنگچی داشتەام که همیشه آماده دفاع از اسلام و رهبری بودەاند. یک روز پس از اقامه نماز جمعه با آیت الله بنی فضل قدم میزدم که ناگهان شخصی جلو ما به سجده افتاد. او جوانی مسلح به نارنجک بود. ناگهان پرید پشت من. من ضربەای به او زدم سه متر به عقب پرت شد. یک عـقب گرد چریکی کردم که او را بکشم، ولی محافظین وی را گرفتند. من اصولا دوست داشتم تمرین تیراندازی را با هدف گرفتن مجسمـەهای شاه انجام دهم. در دوران انقلاب شاید پیش از آن، اسلحه را زیر عـبایم قایم می کردم و می رفتم سراغ مجسمەها و به دماغ آنها شلیک می کردم...» .

**کوردییەکەی:**

«... من ٦٠ سـاڵ لە تەمـەنی خـۆمم لەنێو جەنگدا تێپەڕکردووە، شەڕ لە گەڵ شا ، شەڕ لەگەڵ کوردان، لە گەڵ محەمەد خاتەمی (سەرکۆمار)، بە کورتی لەگەڵ هەرکەسێک لەدژی (وەلی فقیه) بێ.... "تەقـەی خـۆشی" لە پیـتـزا خـراپتـرە و، پیتزاش لە سەگی پێ کورت خراپترە. من لە بارەی کـاروچالاکی خـۆمـەوە بۆتان بدوێم! من مێرد دەدۆزمەوە بۆ هێندێ ژن کـە قـەحـبـەن و، تۆبەی هێندێ ژنی قـەحـبـەی دیکەش دا دەدەم. ڕەخـنـە و گلەیی زۆرم لەم کـوڕانەی خـۆم هەیە، بەجێی خوێندن لە قوتابخانەی ئاینی و، بوون بە فـەقێ، ڕێگەی جـوتێـری و باخـداریـیـان هەڵبـژاردووە و وایان پێ باشترە لەکاری کشت و کاڵیدا یارمەتی من بدەن. هەرچـیـیـەک نقـاندم بێن بە مـەلا ، نەبوون...!! من هەمـیـشـە، کـۆمـەڵێک چەکـدارم هەبووە، کـە ئامادەبوون بەرگری لە شۆڕش بکەن.

ڕۆژێک لە تاران، پاش بەجێهێنانی نوێژی هەینی، لەگـەڵ "ئایەتوڵلا بەنی فەزڵ" پیاسەمان دەکرد. کتوپڕ کەسێک لـەبـەردەممـانـدا دانـەوی. لاوێـک بـوو، نارنجـۆکـێکی بەدەسـتـەوە بوو، خـۆی فـڕێدایە پشـتی منەوە، منیش یەکـێکم تێـسـرەواند کـە سێ مـێـتـر فـڕێدرا، سووڕانێکی چریکیم کرد بەدەوری خۆمدا و ویسـتم بیکوژم، بەڵام پاسـەوانەکـان گـرتـیـان. من هەر لە بنەڕەتدا، وام پێخۆش بوو، بۆ فـێـربوونی تەقـەکـردن، تەقە لەلووت (کەپۆی) پەیکەرەکانی شا بکەم.

لەسـەردەمی شـۆڕشی ئیـسـلامـیـدا، ڕەنگە پێش لەوەش، چەکـەکـەم لەژێر عـاباکەم دەشاردەوە و، دەچوومە تەڵەی پەیکەرەکـان (مجسمە) وە و تەقەم لە لووتیان دەکرد!!» .